## خەمێکی تر



# جوانناسی

لە سەردەمانی ژیانی سەختی سیاسی و پێشمەرگایەتی پێش ڕاپەڕین، ئەو دەمانەی چاومان بڕیبووە دەسەلاتی سیاسی، چەندین خەونی جوانمان بە دەسەلاتی کوردیەوە دەدی، هەزاران کۆشکی بەرزی ئازادیمان لە خەیاڵدانی شۆڕشگێڕانە بنیات دەنا، ئەو دەمانە بزوتنەوەی کوردایەتی چەند جوان پەرست بوو، ئەویٚ ڕۆژیٚ پێشمەرگەی جوان، ڕووناکبیری جوان، نووسەری جوان، مرۆڤی جوان بە ئاسانی لەوانیتر جیا دەکرایەوە، ئەو سەردەمە شۆڕشگێڕان پڕ بە قورگیان هاواریان دەکرد (ئەی بەندینخانە دەتکەینە جێگای گوڵ و ڕەیحانە)، ئەو دەمانە خەمی گەورەمان نان و ئازادی بوو بۆ نووسەران، ئەفسوس ومخابن نەمانتوانی جوان دروشمەکان بهێنینەدی!

لە ئێستادا بۆ مزایەدە کردن خۆمان بە جوانناس نیشان دەدەین، هەندێکیشمان، کە لە جوانی ناگەین! لەوانەیە ئەو گۆرانیە بچڕین ((جوان پەرستم جوان پەرستم، بەدیداری جوانان مەستم)) کە لەڕاستیدا پەی بەشتە جوانەکان نابەین، جوانناسیمان نەکردۆتە خەم.

شازدە ساڵە حوکمڕانی ئەو بەشەی کوردستان دەکەین، کەچی بیناییمان بۆ شتە جوانەکان کزو لاوازە، دژایەتی و سەنگەر گرتن لە ڕوناکبیران و نووسەران و کەسە جوانەکان، لەلای هەندیٚ بەناو لێپرسراو بۆتە دیاردە، ئەوەی خەمی بۆ دەخۆین ئەوەیە، کە خودی دامودەزگاکانی حکومەتو حزبەکان بوونەتە بڵندگۆی ئەو چەشنە تێڕوانینانە، بەبیٚ ئەوەی سەرانی باڵای حکومەت و حیزبەکان دەنگیان لێوە بێت .

وەزیفەی نووسەرانو ڕووناکبیران تەنها ئەوە نیە، بە حکومەتو دامودەزگاکان هەڵبلێین، بەڵکو ئەوەشە کە گلەیی‌و گازاندەو ڕەخنەی بونیادنەریش بگرن، با جار جارە ئەو ڕەخنانە زبریش بن، پێویستە وەك ئازادی بیروڕا گوێیان بۆ شلبکریٚ و بۆچوونەکانیان بە هەند وەربگیرێن، ئێمە لە وڵاتێك دەژین شتە جوانەکان ناناسین، مرۆڤە جوانەکان ناخوێنینەوە، نووسەرە جوانەکان ناناسین، پێشمەرگە جوانەکانمان بیر چۆتەوە، کەمتر یادی شەهیدە جوانەکان دەکەینەوە.... زۆر ئاساییە لە ماڵەکانمان لە شوێنی کارکردنمان، سەنتەرە ڕۆشنبیریەکانمان لە نوسینگەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانمان، لە بارەگاکانی حیزبو حکومەت... وێنەکانی (ئەرستۆ، دیستۆفسکی، مارکس، گیڤارا، بیکاسۆ، بیتهۆڤن....) هەڵبواسین، کە ئەوانە مرۆڤی گەورەن، کەچی لە ڕووی حەسادەتەوە، دەکەوینە دژایەتی کردنی (شێرکۆ بێکەس، شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی، مەریوان وریا، ڕێبوار سەعیدو....) هەر لەبەر ئەوەی قەسیدەیەك، چیرۆکێك، وتارێك، تابلۆیەك، نوسینێکی ئەوانمان بەدڵ نیە.

گەلۆ کاتی ئەوە هاتوە خەم بۆ شتە جوانەکان، بۆ بەها جوانەکان بخۆین، بیٚ خەم بەرامبەر ئەوانە دانەنیشن کە جوانناس نین و بۆ جوانناسەکان خەم ساردن، با جوانناسی خەمی هەموان بێت بە تایبەتیش ئەوانەی خۆیان بە خەمخۆری ئەو گەلە دادەنێن.

تێبینی/ لەم گۆشەیە جوانناسی وەك ئاوڵناو قسەی لەسەر کراوە، نەك وەك دەستەواژە ( مقولة)


جەرجیس ئیبراهیم

bawkitana@yahoo.com